ڕۆژنامەی ئاگری

(ئاگری) ڕۆژنامەیەکی میژوویی‌یە ٠ لە ساڵی ١٩٥٠ دا
نەتەوەی ئاڕاستە دەکرد بۆ ژیانێکی پاکترو چاکترو
بڵندتر ٠

سەرنووسەرو خاوەنی
شاکر فتاح

33508

زنجیرەی ژمارە : [٦٥] ساڵی ١٩٨٤

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

زانکۆی سۆران
کتێبخانەی گشتی
بەش:
ژمارەی تۆمارکردن:
33508

ڕۆژنامەی ئاکرێ

(ئاکرێ) ڕۆژنامەیەکی مێژوویی‌یە • لە ساڵی ١٩٥٠ دا نەتەوەی ئاڕاستە دەکرد بۆ ژیانێکی پاکترو چاکترو بڵندتر •

سەرنووسەرو خاوەنی
شاکر فتاح

ل.
٢٢٨٧

زنجیرەی ژمارە : [٦٥] ساڵی ١٩٨٤

چاپخانەی الحوادث

بەغدا ١٩٨٤

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوچەی ئاکرێ

لە سالی (١٩٥٠ ـ ١٩٥٦) دا

(١)

لە ١١ـ٦ـ١٩٥٠دا گەیشتمە (ئاکرێ) • ئەو کزەبا فێنکەی لە شاخە بەرزەکانی ئاکرێوە دەهات ، لەگەڵ چاوئەندازە جوانەکانی شاخ و باخەکانیو ، ڕێگ وپێکی شارەکەو دڵتەپەی دانیشتووەکانی ماندوێتی ڕێگایان لەبیربردمەوە • زۆر دڵخۆش بووم بە شارستانێتی ئاکرێ • ئەو ئێوارەیە بە ملکەچی یەکەوە کڕنووشی سوپاس و نەوازشم کێشا بۆ خودا کە بۆ ئەو شوێنە خۆشە گوێزرامەوە • (ئاکرێ) هەزارو سەد ماڵێک و پێنج هەزار کەسێکی تێدابوو • ژمارە سەری هەموو ناوچەکەیش (٣٥٠٠٠) کەسێک دەبوو • بە هۆی ئەو (٥٠٠) سەربازەوە کە لەوێ جێگیر بووبوون ، هەروەها بە هۆی هاتو چۆی زێباری و بارزانی یەکانەوە بۆ ئەوێ ، بازاڕەکەی لە گەڕدابوو • بارستایی ی ژیانی دانیشتووەکانی لە هیی هەموو باژێڕەکانی تری (بادینان)م باشتر هاتە پێش چاو • دانیشتووەکانی هەرچەندە ناکۆکیو

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

کۆنەوە ، کراوەو دەکرێ ، بۆ پیاوی دەروونپاك دەربکەون • هەروەها فەرمانڕەوایش باوەڕ بە نووسینی فەرمانبەرە خراپەکان نەکاتو ، ئەم کۆڵانە لەمە بەولاوە دوانەخاتو لە پێش خستیاندا کەم تەرخەمی نەکات !•• تەنانەت بەم نیازەوەو بۆ ئەم مەبەسەیش ، بە باشم زانی نووسراوێك لەسەر ئاکرێ بنووسمەوە لە ١٥-١-١٩٥١دا نووسراوەکە تەواوبوو • لە (یانەی فەرمانبەرانی ئاکرێ)دا هەر هەفتەی چەند لاپەڕەیەکیم بۆ دانیشتووانی ئاکرێ دەخوێندەوە • لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی بەغدادو مووسڵو هەولێریشدا ووتار بە ووتار بڵاوم دەکردنەوە • خۆش بەختانە لەپاش ساڵونیوێك ، منو دڵسۆزانی ئاکرێ ، توانیمان ڕاستیی ئازارو ئاواتی ئاکرێ لە فەرمانڕەوایی ، بەڵکو لە هەموو لایەکی عیراق بگەیێنین • هەموو لایەکیش بخەینە سەریامەتیدانی ئاکرێ !

بەهۆی ئەو یارمەتییانەوە : (سەیرانگای کانی زەر) ، (بەهەشتی منداڵان) ، (سەیرانگای سپیە) ، (سەیرانگای سەری گرێ) ، (سەیرانگای فەرمانبەران) ،(یانەی فەرمانبەران)م لە ئاکرێ دا بۆ خۆش ڕابووارەدنو کەڵکی دانیشتووانی ئاکرێو میوانانی ناوچەکە دوروست کردو دامەزراند • هەریەکێ لە مانەم لە ناو ئاهەنگێکی گەرمو گوڕو بەزمووڕەزمدا ، بە سوپاسێکی ژۆرەوە پێشکەشی (گەل) کرد • لە (یانە) کەدا ، تێکڕا هەموو هەفتەیەك ووتار دەخوێندرایەوە بۆ ووریاکردنەوەی دانیشتووان • هەندێ جاریش (چیرۆکی لاسایی) پێشکەش دەکرا • ئەندامەکانی یانەکە،

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

هەریەکەیان بە ئارەزووی خۆی لە یەکێک لە لێژنەکانی یانەکەدا هاوبەشی دەبوو و ، کاتی خۆیشی بە خۆشیەوە لە یانەکەدا دەبردەسەر • لە یانەکەدا : (گۆرانی) ، (سازو ئاواز) ، (هەڵپەڕکێ) ، (نووسراو خوێندنەوە) ، (وێنە کێشان) ، (لاسایی کردنەوە) ، (ووتار خوێندنەوە) ، (یاریی واغێنی پێشکەوتووانە) ، (شەترەنج) ، (تاوڵە) ، (پینگ پۆن) ، (نیشانناسەوە)و گەلێک شتی تر لەلایەن ئەندامەکانەوە کاتیان بێبڕادەبوێررا • (قومار)م نەدەهێشت بکرێ • بەڵام بۆ خواردنەوەیەکی بە ئەندازەو خواردن پێگا هەبوو• یانەکە کرابووە (مامۆستا)یەک بۆ ئەندامەکان• بووبووە پێشڕەوێک بۆ هەموو دانیشتووانی ناوچەکە • هەموو لای کێش دەکرد بۆ (چاکە)و (پیاوەتی)و (نیشتمانپەروەری)و بەکەڵکەهاتنی ناوچەکە بەتایبەتی • لەگەلێک لاوە دیاریی نووسراوو کۆفارو ڕۆژنامەمان بۆ نێررا • تەنانەت لە بەغدادو بەسرەو مووسڵیشەوە! لەسەر خواستی من هەندێ لە دەوڵەمەندەکانی ئاکرێو سەرەکهۆزەکان ، هەندێ ساختمانیی پێویستیان دوروست کرد بۆ حەواندنەوە ، بۆ خۆشتن ، ڕێگایان کردەوەو تەختیشیان کرد بۆ کەڵکی گشتی •

هەموو جارێک لە ڕۆژنامە هەفتەییەکەماندا ، (ئاکرێ) ، کە بە دەست دەمنووسیەوەو بە یەک ژمارەیش دەردەچوو، سوپاسی ئەو جۆرە پیاوە باشانەم دەکردو ، تیژم دەکردنە سەر چاکەی گشتی • ئەم ڕۆژنامەیە لەناو (سەیرانگای فەرمانبەران)دا

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library